# بەردەم پەرلەمانی ئۆسلۆ کرایە نمایشگای پیاوان و ژنای ئازادیخواز
# دژ بە ڕەشەکوژی ژنان لە کوردستان و عێراق دا

بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ نەرویج و ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عیراق لە نەرویج، ڕۆژی 13.06.2007 بەردەم پەرلەمانی ئۆسلۆ کرایە ڕۆژی نارەزایەتی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز دژ بەو شەپۆلە لە ڕەشەکوژی ژنان کە شارەکانی کوردستان و عێراقی گرتۆتەوە. سەرەتای کۆبوونەوە جەماوەریەکە کە زیاتر لە 90 کەس تیایدا بەشداربوون بە نمایشێکی شانۆیی بێدەنگ دەستیپێکرد وەک نیشاندانی وێنەیەک لەو ڕەشەکوژیانەی کە بە دژی ژنان دەکرێت. لە شانۆگەریەکەدا چوار پیاو کە جلی ڕەشیان لە بەردایەو لەسەر سنگی هەر یەکێکیان یەکێک لەم ووشانە نووسراوبوو: شەرەف، پیاوسالاری، دین، شەرم، وەکو سیمبولی دەستبردنی پیاوان و بێدەنگی دەسەڵات لە بەرامبەر ئەو کوشتارگایەی کە بۆ ژنان بەرێخراوە. هاوکات بەرگی بەری کچەکە ناوی زۆرێک لەو ژنانەی لەسەربوو وەک قوربانیانی ڕەشەکوژی ژنان.
پیاوەکان هەوڵدەدەن کە هەموو داوەکان لە ژنەکەوە بئاڵێنن و بیکوژن لە کاتێکدا کە کچە گەنجەکە بەرگری لەخۆی دەکات. نمایشەکە بە وەلانانی پیاوەکان و ڕزگارکردنی کچەکە لە لایەن ئامادەبووانەوە کۆتایی هات. دواتریش 17 گوڵی سور خرایە سەر ئە پارچە قوماشە ڕەشەی کە دەیانوویست کچەکەی لەسەر بکوژن.
بەهار منزر، نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی زن لە عێراق/ نەرویج، یاداشتنامەیەکی خوێندەوە بە زمانی نەرویجی کە لە لایەن هەردوو ڕێکخراوەوە ئامادەکرابوو کە لە کۆتایی کۆبوونەوە جەماوەریەکەدا پێشکەشکرا بە نوێنەرانی کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمانی نەرویجی کە لە خۆپیشاندنەکەدا ئامادەبوون. دوواتر سکرتێری گشتی ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشیونال لە نەرویج، یون پێدەر ئێگناس، ووتەیەکی پێشکەشکرد و تیایدا وێڕای نیگەرانی خۆی لەم کردەوە دژی ئینسانیانە ئامادەیی نیشاندا کە دژ بەم کردەوانە بوەستنەوە بە شیوازی تایبەتی خۆیان و پاڵپشتی خۆشی بۆ کۆبوونەوەکە و وەستانەوە بە ڕووی هەموو جۆرە توندوتیژیەک ڕاگەیاند.
دواتر نوێنەری کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمانی نەرویج لە خۆپیشاندانەکەدا، پەرلەمانتار مۆرتن هۆگلوند سەر بە لیستی حزبی پێشکەوتنخواز، ووتەیەکی پێشکەشکردو لە بەشیک لە قسەکانیدا ووتی: ئینسان شۆک دەبێت کە وێنەی تراژیدی لەم چەشنە دەبینێت و لە نێوانیاندا بەردەبارانکردنی دوعای 17 ساڵە کە لەبەرچاوی دەسەڵات و هەموو کەسەکانیەوە دەکوژرێت. ئینسان ناتوانێت لە بەرامبەر کێشەی لەم چەشنەدا بێدەنگ بێت و تەداخول نەکات. ئەمە یەکێکە لە توندوتیژترین ئەو کارانەی کە لە دنیادا ڕوو دەدات و هەر وا ناکرێت قبوڵی بکەین و بەسەرماندا بڕوات. لە کۆتایی ووتەکەشیدا بەڵینی دا کە هەم کۆمیەتەکەی و هەم دەوڵەتی نەرویجی وادار بە دەخاڵەتی زیاتر بکات لەم کێشەیەدا.
یەکێکی تر لە قسەکەرانی ئەم خۆپیشاندانە مەلەکەی عزەتی بوو کە بەرپرسی سازمانی ڕەهایی ژنانی ئێرانە لە نەرویج و ئەویش وێڕای مەحکوم کردنی ئەم کارە دژی ئینسانیەووتی: هەموو ئەو قوربانیانەی دەیانبینین قوربانی کارەساتێکی کوتوپڕ نین و گیانیان بە شیوەیەکی ئاسایی

لەدەست نەداوە، هەموو ئەو کچ و ژنانە قوربانی دەستی پیاوسالاری و دین و دەسەڵاتێکن کە بەهرەبەرداری لە ژن کوشتن دەکەن.
دواتریش ئۆگۆت ڤاڵە، جێگری سکرتێری حزبی سۆسیالیستە چەپەکان لە نەرویج و ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمان، ووتەیەکی پێشکەشکردوو وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی قوڵی خۆی لەم کارە نائینسانیانە ووتی: بڕیارم داوە کە زۆر بە جدی ئەم مەسەلەیە لەگەڵ نوێنەران و دەسەڵاتدارانی کوردستان باسبکەم کاتێک کە کۆبوومەوە لەگەڵیان. هەروەها باسی لەوەکرد کە ئەم مەسەلەیەی لەگەل بەرپرسانی سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەدا باسکردووەو داوای دەخاڵەتکردنی لێکردوون. لە کۆتایی قسەکانیشیدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە نەرویج دەبێت سیاسەتێکی ئینسانیانەتر لە بەرامبەر هەموو ئەو ژنانەدا بگرێتەبەر کە لە دەست ئەم جۆرە کارانە لە وولاتەکانی خۆیان هەڵهاتوون و دەبێت مافی پەنابەریان پێبدرێت.
لە کۆتاییشدا کامل احمد، سکرتێری ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج ووتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووانکرد بە زمانی کوردی و داوای لە هەموو ئامادەبووانکرد کە ئامادەیی زیاتر نیشانبدەن بۆ وەستانەوە بەڕووی ئەم ڕەشەکوژی و ئەنفالکردنەی ژنان لە کوردستان و عێراق و دەسەڵاتدارانی وەک بەرپرسی یەکەم لەم تراژیدیایە ناساند و داوای هاوکاری و بە تەنگەوەهاتن و لێکهەڵپێکانی خەباتکارانەی زیاتری ئامادەبووان و ژنان و پیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازی کرد کە لەم خەباتەدا هاوڕای ڕێکخراوەکانی ئەوان بن.
شایانی باسە ئەم ئەندام پەرلەمانانەش لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون: ئەننا مارگرێتە لارسن، پەرلەمانتاری حزبی چەپ و ئەندام لە کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمان، پەرلەمانتار مای هێلین مولڤار گریمستاد، پەرلەمانتاری حزبی مەسیحی و سەرۆکی کۆمیتەی خێزان و کولتور لە پەرلەمانی نەرویج. هەر بە دوای ئەو کۆبوونەوەیەدا وێبلاگەکانی تی ڤی2 گرنگیەکی زۆریان بەم جووڵانەوە نارەزایەتیە دا و باسیان لەوە کرد کە حکومەتی نەرویجی گرنگیەکی زۆر بەم مەسەلەیە دەدات و بە شوێنیدا دەچێت.
ڕێکخراوی ئازادی ژن لە عێراق/ نەرویج
ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج
14.06.2007
تێبینی: بەداوی لێبوردنەوە بەرواری هەندێک لە وێنەکان هەڵەیە.


og Kurdiske
kvinners kamp
for en
2007/06/06 18:10


Dagbladet
VOLD
I IRAK OG


STØTT IRAKISKE OG
KURDISKE KVINNERS
KAMP FOR EN LIKEST_
_ILLINGSLOV !
OSS
LA STÅ SAMMEN
MOT MASSEDRAP OG
VOLD MOT KVINNER
I IRAK OG KURDISTAN
13.06.2007




13.06.2007


2007/06/06 18:10